ئەگەر ڕەمەزان هات عومرە ئەنجام بدە، چونکە عومرەیەك تێیدا وەك حەج کردنە

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی بە ئافرەتێك لە ئەنساڕیەکان - ئیبن جریج دەڵێت: ئیب عباس ناوی هێنا بەڵام ناوەکەیم لەبیرچووەوە- : «چی ڕێگر بوو لەوەی لەگەڵ ئێمە حەج بکەیت؟» ووتی: تەنها دوو وشترمان هەبو، وشترێکیان پیاوەکەم وکوڕەکەم بردیان بەهۆی ئەنجامدانی حەج، و وشترێکی بۆ ئێمە بەجێهێشت بۆئەوەی ئاوی پێ بهێنین وئاوی پێ بدەین، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر ڕەمەزان هات عومرە ئەنجام بدە، چونکە عومرەیەك تێیدا وەك حەج کردنە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجی مالْئاوایی گەڕایەوە ؛ بە ئافرەتێك لە ئەنساڕەکانی فەرموو: بۆچی حەجت ئەنجام نەدا، چی ڕێگر بوو لەوەی لەگەڵ ئێمە حەج بکەیت؟ عوزر خوایی هێنایەوە بەوەی دوو وشتریان هەبووە، مێردەکەی وکوڕەکەی لەسەر وشترێك حەجیان کردووە، ودانەکەی تریان بە جێ هێشتووە بۆئەوەی ئاوی پێ بهێنن وئاوی پێ بدەن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە ئەنجامدانی عومرە لە مانگی ڕەمەزاندا ؛ پاداشتی وەکو پاداشتی ئەنجامدانی حەجێکە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2753